**عومەر فارس :**

# تائێستا هیچ حیزبێکی کوردستانی هەڕەشەی لێنەکردووم، بەڵام سوکە گلەییان هەیە




**عومەر فارس کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی سلێمانییەو لەساڵی ١٩٨٨ەوە لەهۆڵەندا گیرساوەتەوە، ماوەی دوو ساڵە بەهۆی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ماڵپەری کوردستات نێت بووەتە ناوێکی ئاشنا لەنێوەندی ڕۆژنامەڤانی ڕۆشنبیری کوردیدا. بۆ ئاشنا بوون بەخۆیو کوردستان نێت ڕووبەڕووی ئەو پرسیارانەمان کردەوە.**

*** ئایا ئینتیمای حیزبیت لەپارتە کوردییەکاندا هەبووەو، چالاکی سیاسیت لەنێوخۆ و دەرەوەی وڵات دا هەبووە؟**

– من لەژیانمدا نەبومەتە ئەندامی هیچ پارتێکی کوردی، بەڵام هەمیشە لەگەڵ ئازارەکانی میللەتەکەمدا ژیاوم. کە لەشاخیش بووم بەگوێرەی توانای خۆم هاریکاری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردم کردووەو لەقوتابخانەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش وانەم بەمندالآن دەگوت. لە ١٨/١٠/١٩٨٥داو ڕۆژێك پاش (مەنعەتەجەولە گەورەکەی سلێمانی) کە لەو ڕۆژەدا من لەماڵەوە بووم و تازە بەقاچاخی ژنم هێنابوو، سلێمانیم بەیەکجاری بەجێهێشت و لەسەرەتای ١٩٨٦دا بەنابەدڵییەوە (کە ئێستا ناکرێت باسی لێوە بکەم) لەگەڵ هاوسەرەکەمدا ڕێگای ئێرانم گرتە بەرو ئاوارە بووم. لەساڵی ١٩٨٨ وە لەهۆڵەندا جێگیر بووم. لەبواری سیاسیدا لەهۆڵەندا ئەندامی پارتی چەپە سەوزەکانم GroenLinksو بۆ ماوەی سێ ساڵ بەرپرسی دارایی ئەو پارتە بووم لەهەرێمی فلەیفۆ لاندی هۆڵەندا،و دوو چوار ساڵی ڕابووردوی هەڵبژاردن پاڵێوراوی هەمان پارت بووم بۆ ئەنجومەنی شارو هەرێم.

*** چۆن بیرۆکەی کردنەوەی ماڵپەری کوردستان نێتت لا گەڵاڵە بوو و چ ڕۆژێك دەستی بەبڵاوکردنەوە کرد؟**

– لەساڵی ١٩٩٢ وە بواری کۆمپیوتەرم هەڵبژاردو لەپاڵەوە دەمخوێند هەتاکو چەند شەهادەیەکی جیاجیام وەرگرت لەزۆربەی بەرنامەکانی کۆمپیوتەری ئەو سەردەمە. لەساڵی ١٩٩٣ بەهۆی هاوڕێیەکمەوە توانیم لەماڵەوە ئینتەرنێتم هەبێت. لەو کاتەدا نەك سایتی کوردی بگرە بەدەگمەن سایتی عەرەبیش هەبوو. هەر لەوکاتەوە ئاواتەخوازبووم کە ڕۆژێك بێت بتوانم لەسەر ئینتەرنێت بەکوردی کارێك بکەم، زۆر جاریش بەهاوڕێکانم دەگوت ڕۆژێك دێت بتوانم سود لەم ئینتەرنێتە وەربگرم و سایتێکی ئازاد دروست بکەم. ئەوەبوو لە ١٣/٨/٢٠٠٠ بۆ یەکەمجار لەژێر ناوی ژیلەمۆ ئەو سایتەم کردەوە پاشان کردم بەکوردستان نێت.

*** پێشتر کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەڤانیت کردووە؟**

– لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٢دا لەشارەکەماندا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی شارەکەمان بووم. هەر لەو کاتەوە لەگەڵ بەڕێز (مستەفا شەڵماشی) بۆ یەکەمجار لەهۆڵەندادا گۆڤارێکی کوردیمان دەرکرد بەناوی (ئاوارە) بەهۆی گواستنەوەی کاك شەڵماشی لەشارەکەمان بەتەنیا مامەوە. درێژەم دا بەدەرچوونی بەڵام لەژێر ناوی (بینایی). بەڕاستی ئەوەی من دەمویست بیکەم لەگەڵ بیرو بۆچوونی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەکەماندا نەدەگونجا، بۆیە گۆڤارەکەم تەسلیم کردنەوەو ئەوانیش بۆیان بەڕێوە نەچوو و لەچاڵیان نا. منیش زانیم ئەو ئازادی ڕادەربڕینەی من باوەڕم پێیەتی، زۆر کەس بۆی قوت ناچێ، بۆیە هەوڵمدا سەربەخۆبم لەکارێکی وادا گەر بتوانم بیکەم.

ماوەیەك پاش دامەزراندنی تەلەڤزیۆنی مەد تیڤی وەك خۆبەخشێك کەوتمە هاریکاریکردنیان، سەرەتا لەبەرنامەی دیداری ئازیزان لەکاتی پەخشی زیندودا لەگەڵ فەرهەنگ ئیسماعیل وەك (خولەو بلە) کورتە شانۆی بچوکمان پێشکەش دەکرد. بەڵام دواتر بومە هاریکاری هاوڕێم سیروان ڕەحیم لەبەرنامەی (کاروان)و لەساڵی ٢٠٠٠ دا گەڕامەوە کوردستان بۆ ئامادەکردنی دوو بەرنامەی تەلەڤزیۆنی کە یەکێکیان لەسەر کەرکوك بوو ئەوی تریان لەسەر کۆچ، خۆشبەختانە هەردوو بەرنامەکەم لەکوردستان ئامادەکردو وەك



برادەرانیشم دەڵێن سەرکەوتووبوو. ئەمە جگە لەوەی کە چەندین چاوپێکەوتنم لەبواری جیادا لەگەڵ کوردو بیانیدا ئەنجامداوە، کە لەرێگەی بەرنامەی کاروانەوە نیشاندراوە.

*** ئایا تائێستا هیچ کەس و لایەنێك لەرووی داراییەوە یارمەتییان داوی؟**

– نەخێر تاکو ئێستا هیچ کەس و لایەنێك لەرووی داراییەوە یارمەتی نەداوم و ئەگەر بشیانەوێ یارمەتیم بدەن سوپاسیان دەکەم نامەوێت. وەك لەپەیڤێکی کورتدا کە لەکوردستان نێت بڵاومکردۆتەوە، ئەگەر توانای بەڕێوەبردنم نەما لەرووی داراییەوە، ئەوا پەردەیەکی رەش دەدەم بەشاشە بچکۆلەکەمداو ماڵ ئاوایی دەکەم.

*** دیارە تۆ لەکاتی پشوی شەوانەتدا بەکوردستان نێتەوە مژوڵ دەبی، ئایا هاوسەرو منداڵەکانت لەسەر ئەوە گلەییت لێناکەن؟**

– ناکرێ بڵێم بەینی خۆمان بێت، بەڕێوەڵلا زۆر نارازین لێم چونکە ئێمە لەماڵەوە یەك کۆمپیوتەرمان هەیە، من هەموو کارەکانی کوردستان نێت و هەرسێ منداڵەکەم کاری قوتابخانەیان هەر بەو کۆمپیوتەرە دەکەین، راستیشت دەوێ من زۆر جار گزی لەوان دەکەم و ئەوانیش لێم تووڕە دەبن. هاوسەرەکەشم هەرچەند لەسەرەتاوە توند بوو لەگەڵمدا، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا توندیەکەی نەماوەو بگرە زۆر جار کە دەچینە دەرەوە، دەڵێت بابڕۆینەوە، فریایی رێکخستنی کوردستان نێت ناکەویت.

*** تائێستا هیچ لایەنێکی کوردستانی داوەتی نەکردووی بۆ سەردانی کوردستان؟**

– نەخێر تاکو ئێستا هیچ پارتێك بانگهێشتی نەکردووم بۆ کوردستان!!! بۆ بەرای تۆ ئەوان ئاگادارن من چی دەکەم؟.

*** لەسەرەتادا رایەکی واهەبوو کە کوردستان نێت لەبەرامبەر ماڵپەری کوردستان پۆستی لایەنگری یەکێتیدا کرابێتەوە (بەتایبەتیش کە شەرە قسەیەکیش لەنێوانتاندا دروستبوو کاتی خۆی)، لەوبارەیەوە دەڵێی چی؟**

– من باوەڕناکەم کوردستان پۆست پێش کوردستان نێت کەوتبێتەکار. ناشزانم ئەوان سەر بەیەکێتی بوون یان نا، لەراستیشدا من لەگەڵیاندا نەمبوۆتە شەرە قسە، لەو کێشەیەشدا هەندێ تێنەگەشتن بوو لەلایەن ئەوانەوە، چونکە لەوە دەچێت ئەوان لەولاتەوە خەریکی کاری رۆژنامەوانی بووبن، تۆزێك زەحمەت بوو لەیەکێکی وەك من بگەن و وەك رۆژنامەوانێك قبوڵم بکەن. لەراستیشدا نازانم ئایا خۆیان دەرچووی کۆلێژی رۆژنامەوانین یان نا!! ئەوان وایان دەزانی هەموو شت دەبێت بەدڵی ئەوان بێت. زۆر هەنگاوی گەورەو بەڵێنیاندا!! کە لەراستیدا دەبوایە لەسەرخۆ بەردەوام بوونایە بۆ ئەوەی بەردەوام بونایە.

*** کێن ئەوانەی کە کوردستاننێتیان خۆشدەوێ‌و، ئەوانەی رقیان لێدەبێتەوە؟**

– من لەو باوەڕەدام زۆر زۆرن ئەوانەی کوردستان نێت یان خۆش دەوێت. چونکە کوردستان نێت جێگای هەموو بۆچوونە دژ بەیەکەکانی تێدا دەبێتەوە. راستە من خۆم مرۆڤێکی نەتەوەییم، بەڵام باوەڕێکی تەواوم بەدەربڕینی ئازادی بیروڕا بۆ ل١١

# ڕووبەڕوو لەگەڵ ڕۆشنبیراندا: عومەر فارس: .. .. .. .. .. .. .. .. پ

هەیەو ڕێز لەبۆچوونی بەرامبەرەکەم دەگرم. ئەوانەی خۆشیان پێی نایێت زۆر کەمن، لەناویشیاندا هەیە کە خۆشی نازانیٚ بۆ خۆشی بەکوردستان نێت نایە چونکە وەك (سەدمەیەکە) بۆی کارەکە غەریبە لای چۆن دەبێت بەو شێوەیە هەموو کەس بتوانێت ئەوەی دەیەوێت بیلێٚ.

*** تۆ بۆخۆت تا چەند هەست بە کاریگەری کوردستان نێت دەکەی؟**

– بەباوەڕی من کوردستان نێت کاریگەری خۆی هەبووە. چونکە زۆر کەس هەبوون هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە بتوانن ڕۆژێك لەرۆژان ببنە نووسەرو نووسینەکانیان بڵاوبکرێتەوە. کوردستان نێت بووە هاندەر بۆیان. بۆچوونە دژەکان بەئاسانی دەتوانن لە یەك جێگاوە ململانێی خۆیان بکەن. زۆر بابەت هەبووە کە لەشوێنەکانی تردا شانسی بڵاوکردنەوەی بەهۆی بڤەبوونی کەم بووە. بەڵام لەکوردستان نێت بڵاوکراوەتەوە.

*** لەسەر ئەو بابەتە ڕەخنەییانەی بڵاویاندەکەیەوە تائێستا هیچ جارێك لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە فشارت خراوەتە سەر یان هەڕەشەت لێکراوە؟**

– بێگومان سوکە گلەیی هەر هەیە، بەڵام وەك هەڕەشەکردن کەس هەڕەشەی لێنەکردوم. ئێوە نەبێت کەسیش لێی نەپرسیوم خەریکی چیت. ئەگەر هەڕەشەشم لێبکەن هەرچەندە باوەڕناکەم، من بەسوبعەت وەریدەگرم، چونکە بەباوەڕی من مرۆڤ نابێت ئازار بدرێت. بەتایبەت ئەگەر مرۆڤێك ئازاری کەسی نەدابێت من کارەکەی خۆم بەراست دەزانم و بەرژەوەندی گەل و نیشتمانەکەم لەسەرووی هەموو شتێکەوە دەبینم.

*** بەڕای تۆ بۆچی تائێستا زۆر ماڵپەڕی کوردی کاریگەر دروست نەبوونە، و ماڵپەڕە حیزبییەکان بێدەنگ و سەدان؟**

– دروستبوونی ماڵپەری کاریگەر پێویستی بە بەکارهێنەری جدی هەیە باوەڕ ناکەم کورد تائێستا بوبێتە بەکارهێنەرێکی جدی ئینتەرنێت. با ئێمە زۆر نەفڕین جاریٚ ماومانە، بەڵام باش هەنگاومان بۆناوە. من لە کوردستان نێتەوە دەبینم کە نزیکەی چل هەزار IPadres کوردستان نێت دەکاتەوە. واتە لە چل هەزار کۆمپیوتەرەوە دیٚنە ناو کوردستان نێتەوە. بەڵام لەو چل هەزارە ڕۆژانە ٤ تا ٥ هەزار ڕۆژانە دەبنە میوان. ئەم ژمارانە لەچاو ژمارەی کوردی باشوورو ڕۆژهەڵات زۆر کەمە.

*** دەڵێن هەندیٚ جار هەندیٚ وتار بڵاوناکەیەوە، یاخود دەستکاری دەکەی یان کە لەماڵپەڕەکەدا دادەنرێن ناکرێنەوە؟**

– پێش هەموو شتێك دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەن کە من بەتەنیام و ڕۆژانە ٥٠ تا ١٠٠ ئیمایلم بۆ دێت. ئەمە جگە لەوەی دەتوانم بڵێم لە ٢٤ کاتژمێردا هەموو دە دەقە جارێك دوو ڤایرۆسم بۆ دیٚ واتە دژەکەم ٢٤ سەعاتە لەپشت کۆمپیوتەرەوەیەو هەموو دە دەقە جارێك دوو ڤایرۆسم بۆ دەنێرێت. نازانم کیٚ مەسرەفی ئەو برادەرە دەکێشێت کە ٢٤ سەعاتە لەسەرکارە. شتی وا ڕووی نەداوە! وتارێك هاتبیٚو بڵاو نەکرا بێتەوە؟ تەنها لە دوو حاڵەتدا نەبێت بڵاویناکەمەوە یەکەم ئەگەر نووسینێك جنێو بەواتای جنێو (شێوە نەشازەکەی کە ڕۆژانە لەبازاردا بەکار دێت) نەك ڕەخنە، تیا بێت. دووەم ئەگەر نووسینەکە لەڕووی ڕێزمانەوە زۆر لاواز بێت و نەتوانێت مەبەستەکەی بەخوێنەر بگەیەنێت. حاڵەتێکی کەش ئەوەیە ڕەنگە بابەتەکە بوبێتە خۆراکی ڤایرۆس و بەرچاوم نەکەوتبیٚ. من بەبیٚ پرسی خاوەنەکەی دەستکاری هیچ ناکەم، زۆر جار ڕوو دەدات لەنووسینێکدا وشەیەك یان ڕستەیەکی ناشایستە بەکار هاتووە داوا لەخاوەنی نووسینەکە دەکەم بیگۆڕێت. بۆ ئەوەش کە هەندیٚ جار دادەنرێت و ناکرێتەوە ئەوە هەڵەی تەکنیکیەو لەبیرم چووە. دەنا ئەگەر نەمەوێت بڵاویکەمەوە. داشی نانێم.

*** ڕەخنەیەکی دیکە ئەوەیە دەڵێن نابیٚ کوردستان نێت ڕێکلام بۆ ماڵپەڕی ئەنسارولئیسلام بکا (لینکی بۆ دابنێی)؟**

– زۆر جار بۆ ناساندنی ماڵپەڕێکی کوردی لەسەر شاشەی یەکەم بۆ ماوەیەکی کەم لینکێك دادەنێم، بۆ ناساندنی بەخوێنەران. هەروەك چۆن کاتی خۆی لینکم بۆ ڕۆژنامەکەی ئێوە دانا. بۆ ئەنساری ئیسلامیش یەکەم وەك لاپەرەیەکی کوردی دووەم لەبەر ئەوەی نووسینێکیان دژی کوردستان نێت بڵاوکردبۆوە لام باش بوو خوێنەران بیبینن، لینکم بۆ دانان. ماوەکەی ئەوانیش تەواو بوو ئێستا لەجیاتی ئەوان لینکم بۆ ڕۆژنامەی (سپێدە) داناوەو بەردەوام دەگۆڕدرێت.

*** بۆچی تائێستا هەوڵت نەداوە قەڵەمی نووسەرانی ڕۆژئاواو باکووری کوردستان بێنیە نێو کوردستانێت بۆ ئەوەی ببێتە ماڵپەڕێکی سەرتاسەری کوردستانی؟**

– نووسەرانی ڕۆژهەڵات زۆرن کە لە کوردستان نێت دا دەنووسن، سەبارەت بەباکوور هەوڵیشم داوەو حەزیش دەکەم بەکوردی لاتینی نووسین بڵاوبکەمەوە، بەڵام بەداخەوە تائێستا نییەو لەهەوڵدا دەبم. من خۆم کوردستان نێت بە نێتێکی سەرتاسەری دەبینم و هیوادارم بەتەواوەتی وای لێبێت.

*** لەسەر ئەو پشتیوانییە گەرمەی کە لەهەڵمەتی دادگاییکردنی خەزرەجیو سامەڕایی دەیکەی هیچ ئاستەنگێکی شەخسیتان بۆ دروستکراوە؟**

– نا تاکو ئێستا خەزرەجیو جەماعەتەکەی هیچ ئاستەنگێگیان بۆ دروست نەکردووم. بەڵام لەو باوەڕەدام ناردنی ئەو هەزاران ڤایرۆسە کاری ئەوان بێت.

*** بیروڕات چییە لەسەر ڕۆژنامەڤانی کوردی؟**

– کەمن ئەو ڕۆژنامەوانانەی کە بۆیان (ڕەخساوە) بەئازادی بنووسن. لەوانیش کەمتر ئەوانەن کە لەبەرژەوەندی میللەت دەنووسن. کەمترینیشیان ئەوانەن کە بوێرن. زۆریشن ئەوانی بۆ بژێوی ژیان دەنووسن، لەوانیش زۆرتر ئەوانەن بەشەنوباڵی دەسەڵاتداران و سیاسەتەکانیان هەڵدەدەن.

*** بەراشکاوی بیروڕات چییە لەسەر ڕۆژنامەی میدیا؟**

– لەچاو ئەوەی کە میدیا ڕۆژنامەیەکی حیزبییە (کە من حیزبی بوون بە عەیبە یان خراپ نازانم) شێوە ئازادییەکی پێوە دیارە کە لەڕۆژنامە حیزبییەکانی تردا کەمتر دەبینرێت. هەستیش دەکەم خوێنەری باشی هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پرسیاردەکەم. ئایا ئەگەر ژمارەی ئەمڕۆی میدیا تەنها چوارگۆشەیەکی بەتاڵی مابێت و دوو بابەت لەبەردەستیا مابیٚ یەکێکیان لەبەرژەوەندی حیزب و ئەویتریان بەرژەوەندی گشتیی. کامیان بڵاودەکاتەوە؟